# ڕوکنی دووەمی ئیمانە

# شێوازی ئیمان هێنان بە ڕۆژی دوایی (الیوم الآخر)

**بە پشتیوانی خودای ڕەحمان لە وانەکانی چۆنییەتی زیندووکردنەوەی ئیمان لە ناخی مرۆڤ لە خزمەتتان بەردەوام دەبین بە، ئەمڕۆ کۆڵەگەی بنەڕەتی ئەم ماددەیە: (ألإیمان باللە والیوم الآخر)، إن شاءالله لە خزمەتتان باسی (الیوم الآخر) دەکەین و تیشکی زیاتر دەخەینە سەر شێوازی ئیمان هێنان بە ڕۆژی دوایی (الیوم الأخر).**



# ویستی خودای ڕەحمان

وەك دەزانن خودای ڕەحمان ئەم قورئانەی بەم شێوەیە دانەبەزاندۆتە سەر پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)، بەڵكو بە دانایی (حكمة) و بە بە توانایی و عیلمییەتی خودای ڕەحمان ئەم قورئانەی بە تەرتیبی نزول دابەزاندووە، كە زانایان ناویان ناوە (ترتیب النزول) و بەم جۆرە دابەزیوەتە سەر پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات).

لەبەرئەوەی خودای ڕەحمان خۆی (أعلم و أحكم)ە بە چۆنییەتی دابەزاندنی قورئان، ئامانج لە دابەزاندنی قورئان بەم شێوازە دانایی و ویستێكی دیاریكراوی هەیە، لۆیە بەم تەرتیبەی دابەزاند، لۆ زانیاریتان لە لای الله سوڕەتی (البقرة آل عمران، الفاتحة) و سوڕەتەكانی دیكەی ناو قورئان هەمووی هەبوون، دیارە ویستێكی دیاریكراو هەبووە، لۆیە الله یەكەمجار سوڕەتی (العلق) پاشان (قلم) پاشان (المزمل، المدثر)، بەم ڕیزبەندییە هەتا كۆتایی دابەزاند.

دیارە تەنها بەم ڕێگەیە ویستی خودای ڕەحمان دێتە جێ، وەك دەزانن لە بنەڕەتدا ویستی خودای ڕەحمان چۆنییەتی پەیوەندی گرتنە لە نێوان مرۆڤ و ذاتی خۆی، ئەم پەیوەست و پەیوەندییەش لە قورئاندا ناونراوە بە ئیمان، كەواتە" ئەوە باشترین ڕێگەیە لای خودای ڕەحمان لۆ دروستكردنی ئەم ئیمانە لە ناو دڵی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەگەڵ گرۆی (الذین آمنوا معه)، ئیمان بەم ڕیگەیە دروست دەبێت و هەر ئەمەش پێوەر و پێوانەیە هەتا كۆتا مرۆڤ.

بە وردی باسی ئەوەمان كردووە، تەنیا دووبارە و دووپاتكردنەوەیە، یەك لە دارِشتەكانی یاخود دامەزراندنی وشەكانی قورئان ئەویش ویستی دیاریكراوی خودای ڕەحمان لەسەر هەیە، وشەی قورئانیی لەناو كۆی قورئان بەم جۆرە و بەم ڕێگەیەش دەبەسترێت و بەم جۆرەش دادەبەزێت، لۆ نمونە"

* سەرەتا پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) وەحی لۆ دێتە خوارەوە، یەكەم وشە كە دەستی پێدەكرێت: (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)(العلق١).

* ئەگەر ئەم ئایەتە وەربگیرێ، ئەم كۆمەڵە وشەیە كە بە زمانی سەردەمیانەی ئەمڕۆ پێی دەگوترێت ئەندازەگیری وشەكان، ئەم وشانە بەم ئەندازەگیریی و ڕێكخستنە بەرزە دانراوە؟ ئەم دانانەش ویستی خودای ڕەحمان لەسەرهەیە، ویستێكی جۆریی(نوعی).

* كەواتە" ئەو ئەندازەیەی ئەو وشانەی بەم جۆرە دانراوە، بەم جۆرەش مامەڵەی لەگەڵ دا كرا، ئەوكاتە ویستی خودای ڕەحمان دێتە جێ.

لە وشەكان و ئەو كەسانەی كە دەیانەوێت ئەم وشانە لە ناخی خۆیان دروست بكەن، ئەوە ئەگەر هات و بە كردەیی و ئەندازەییانە بەدواداچوونی ئەم وشانەیان كرد، لۆ نمونە" دەفەرمووێت: (إقرأ)، مرۆڤەكە بێت قیڕائە بكات نەك مودارەسە، (بِاسْمِ رَبِّكَ) بێت و (رب)ی خۆی بە گوێرەی

قیرائە بناسێ، ناو (أسم)ی ئەو (رب)ەی خالیقە (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)، بەم جۆرەی بە کردەیی ئامێری ناخی (جهازی داخل)ی مرۆڤەکەی کە لە پێش چەند وانەیەك باسمان کرد کە چۆن فوئاد دەست بە گواستنەوە لۆ فیطرە دەکات، قیرائەکەش لە ڕێی چاو و گوێ ئەنجام دەدرێت، گوتمان سەمع و بەصەرە کەوا قیرائەکەی پێدەکرێت، (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) ئەم وشەیە کە ئەم کۆمەڵە وشانەی ئەندازەیەکی جۆریی(نوعی) تێدا هەیە.

## مامەڵەکردن و ئەندازەگیریی لە وشەکانی قورئاندا

**خاڵی یەکەم:** ئەگەر هاتوو مرۆڤی ئیماندار ڕیزبەندی دابەزین (ترتیب النزول)ەکەی قورئانی وەرگرت، یاخود بچینە خزمەت پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ئەو نموونەی پێشەنگییە (أسوة)ە لۆ ئەم بابەتە، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە یەکەم سورەتی(العلق) (أقرأ)ی لەسەر دابەزی و کۆمەڵێك وشە هاتنە خوارەوە (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)، کەواتە" بەم بڕگە ئەندازەییانە، پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوان ناخی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەگەڵ خودای ڕەحمان دروست بوو.

لۆ زانین لە یادی پێغەمبەر و لە هزریدا و لە قەوارەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) سورەتی(القلم) تاکو ئەو کاتە دانەبەزییە، هەروەها سورەتی (المزمل)یش دانەبەزییە، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) نازانێت لە پاش سورەتی (العلق) ئایا سورەتی (القلم) یان سورەتی (البقرة) دێت؟ لۆیە یەکەمین بنیاتنراوێك کە پەیوەندی پەروەردگاریتی پەروەدگارانە (ربوبیة الربانیة) دروست ببێت، ئەو پەیوەندییە دروست ببێت لە ناخی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە ڕێگەی سورەتی (العلق) بووە (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ) لە دارشتنی وشەکانی ناو ئەم سورەتە، (إقرأ) یەکەم وشەیە، (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ)، ئەو پێنج وشەیە ئەگەر لە دوا وشەوە لۆی بگەڕێیەوە هەمان حاڵەت لە ناخی مرۆڤدا دروست ناکات، بە پێچەوانەوە بچیە خزمەتی، هەمان حاڵەت دروست ناکات، تەنیا دەبێ بەو ڕیزبەندیی (ترتیب)ەی قیرائەکە بکرێ، (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ الَّذِي خَلَقَ).

کەواتە" دارشتنی ئەندازەی وشەکانی قورئانیی خودای ڕەحمان کە لەناو قورئاندا دایبەزاندووە بە ویستێکی دیاریکراو هاتۆتە خوارەوە، نموونەیەك لۆ نزیککردنەوە ئەویش خودای ڕەحمان لەناو قورئان فەرمانی بە ئێمە کردووە نوێژ بکەین (أقیموا الصلاة)، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) شێوازی نوێژی فێرکردوین، ئەمە تەکبیرەی ئیحرامە، ئەوە قیامەیە، ئەوە رکوعە ئەویان سجودە، ئەوە (التحیات)ە و سەلامە.

ئەگەر هاتوو کابرایەك لە پێش قیام، یان لە پێش فاتیحە خوێندن رکوع بکات، ئەوا کۆ دەنگی ئوممەت و هەموو زانا و بەڵگەکان لەسەر ئەوەیە نوێژەکەی بەتاڵە، لۆ؟ چونکە شێوازی جێبەجێکردنی نوێژەکەی بە گوێرەی حیکمەتی پێغەمبەری(علیه السلام و البرکات) جێبەجێ نەکرد، ئەوەی ناومان ناوە بە سوننە، کە بەم جۆرەش جێبەجێی نەکرد با ویستی ناخی کابرای نوێژکردن بێت،

بەڵام وەك نوێژی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) نەهاتووە، لۆیە ئەم نوێژە قەبوڵ نییە، كەواتە" ئەندازەی فەرمایشتەكان یەكەمجار دەبێ لە نوێژدا تەكبیرەی ئیحرام بكات، پاشان قیام، ئینجا ركوع، ئینجا سجود، پاشان تەحییات و سەلامدانەوە، یەك لەمانە دوابخات یان پێش بخات ناتەواوی دەخاتە نێو شێوازی پەرستشەكەی ئەگەر نیازیشی چاك بێت، ئەو ناتەواوییە پەرستشەكەی ڕەت دەكاتەوە، ئەمە هەمووی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) لەم قورئانەی وەرگرتووە، كەواتە" ئەندازەی داڕشتنی وشەی قورئان هەمووی دەبێت بە دیاریكراوی بێتەجێ، هەر پێشخستنێك زیانی هەیە، هەر دواخستنێك زیانی هەیە.

ئەگەر بێینە سەر ماددەكەمان، ئەمە لە ناخی مرۆڤ جێبەجێ بكەین لەسەر شێوازی دروستكردنی ئیمان، یەكەمجار ئیمان هێنان بە خودی خودای ڕەحمان پاشان ئیمان بە (يوم الآخرة)، لێرە باسی فریشتەكان نییە، باسی كوتوب نییە، باسی رسل نییە، باسی قەزاو قەدەر نەكراوە، لۆ؟ خودای ڕەحمان دەزانێت ناخی ئەو مرۆڤەی چۆن دروستكراوە و چۆن دروستی كردووە، خۆی ماددەی سەرەتاییەكەی دروستكردووە، كە دەزانێت بەم جۆرەی دروستی كردووە پاشان ئیمان هێنان بە خودی خودای ڕەحمان بە ماناو چەمكی پەروەردگارێتی (الربوبية)، دەبێ ئەم مرۆڤە لە ناخیدا هەستی ئیمان هێنانی بە ڕۆژی ئاخیرەتیش دروست بێت، لۆ ئەوەی نێوانی ئیمان هێنان بە خودی خودای ڕەحمان لەگەڵ يوم الآخر لە پێش بێت، ئەم مرۆڤە بەو جۆرە ڕاستە ڕێیی (أستقامة) دروست دەبێت، بەم جۆرە بنیات دەنرێت كە خودای ڕەحمان دەیەوێت، ئەگەرنا ئیمانی بە خودای ڕەحمان، بە قورئان، بە كوتوب، ئیمانی بە فریشتەكانیش هێنا، بەڵام بەم جۆرە ئیمان ناهێنێت كە خودای ڕەحمان دەیەوێت.

لۆیە ئەگەر سەیر بكەین ئێمە خۆمان نموونەیەكین، یان بڵێین ئەم نموونەیە كاك زەیدە، ئەو كاك زەیدە دەیەوێت ئیمان بهێنێت، كە كەسێكە لە ئێمە، نموونەیەكیش بهێنین وەك ئەبو بەكر، ئەبو بەكر(رضي الله عنه) ئیماندار بوو، ئەم زەیدەش لەناو ئێمە ئیمانداره، ئەبو بەكر قورئانی دەخوێند، ئەم زەیدەش قورئانی دەخوێند، سەیربكەین هەر لە ڕوانگەی (منطلق)ی یەكەم لە دەسپێكی بابەتەكە چۆن ئەبو بەكر مامەڵەی لە گەڵ قورئان دا كردووە، ئەدی چۆن ئەو زەیدە مامەڵەی لەگەڵ ئەم قورئانە دەكات؟ هەر لەمەوە جیاوازین.

ئەم زەیدە ئەوپەڕی ئەگەر بێت و مامەڵە لەگەڵ ئەو قورئانەی بكات، لە لوتكە بێت، بانگخواز بێت، بەرپرسیاریش بێت، بەگوێرەی ویستی خۆی مامەڵە لەگەڵ قورئان دەكات نەك ویستی خودای ڕەحمان مانای چییە؟ هەواو ئارەزووی خۆی لەگەڵە، خۆی حەزی لێیە، خۆی پێوەی كارلێكراوە، خۆی موعجەبە پێی، بەردەوام زیاتر ئەم سوڕەتانە دەخوێنێتەوە، بەردەوام و زیاتر لە فەلەكی ئەو بابەتانە دەسوڕێتەوە، ئینجا هەر كێ بێت (كێ بێت و پلەو پایەی هەرچی بێت)، بەڵام ئایە پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) یاخود ئەبوبەكر بەم جۆرەی بوون؟ لە وەڵامدا دەڵێین نەخێر.

کاتێك پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) سوڕەتێکی لۆ دەهاتە خوارەوە، لۆ نموونە" سوڕەتی (العلق) پاشان سوڕەتی (القلم)ی لۆ دەهاتە خوارەوە، هەتا لە سوڕەتی (العلق) تێنەگەیشتبایە و هەڵێنەهێنجبایە و مامەڵەی پێنەکردبا و نەیبردبایە بواری کردەیی و دونیای واقیع، ئەوا مامەڵەی لەگەڵ سوڕەتی (القلم) نەدەکرد، کە پایەی دووەمی ئیمانە، پاشان مامەڵەی لەگەڵ سوڕەتی (المزمل)یش نەدەکرد، هەروەها سوڕەتی (المدثر)یش بە هەمان شێوە، بەم جۆرە قورئان هاتۆتە خوارەوە.

کەواتە" ڕەچاوی هەڵمژینی قورئانەکەی کراوە، هەروەها ڕەچاوی وەرگرتنی قورئانەکەی کراوە، (بەبێ وێکچواندن) هەروەك چۆن خواردنێك تاکو ژەمی یەکەم لە ناو گەدەی هەرس نەبووبێت، هەڵنەمژرابێت، نەچووبێتە هەموو لاشەی، ژەمی دووەم بەرگە ناگرێت و قەبوڵی ناکات، باشە ئەی ژەمە خۆراکی سێیەم و ژەمی سەدەهەم و ژەمی هەزارەم! ئەم گەدەیە مافی ئەوەی هەیە چاوەڕێ بکات، چونکە هەر ئەو گەدەیە لۆ ئەو حاڵەتە دروست کراوە، ناخی مرۆڤیش لۆ دامەزراندن و دروستکردنی ئیمان بەم ڕێگەیە دروست کراوە، سوڕەتی (العلق)، سوڕەتی (القلم)، (المزّمل)، جا هەنگاو بە هەنگاو بەم جۆرەو بەم ڕیزبەندییە.

## ئیمان لە کوێ پێشخراوە؟

**خاڵی دووەم:** دەبێت ئەندازەگیری وشەکانی بەم جۆرە وەربگیرێت کە وشەکان و ڕێساکانی نە پێش و نەدوا بخرێت، هەر بەم جۆرەش ئیمانی تەواو و کۆکی لێ دروست دەبێت، کەواتە" خودای ڕەحمان ویستێکی نەوعی لۆ داڕشتنی وشەکانی قورئان هەیە، تا بە کردەیی ئەوی دەیەوێت لە خودی بەشەرەکەی دروست ببێت، لۆیە لە دوای ئیمان هێنان بە خودای ڕەحمان کە پەروەردگارە (رب)ە (ربك)، (اقْرَأْ بِاسْمِ رَبِّكَ) کە لە ناخی مرۆڤەکەی دروست بوو، ئینجا هێدی هێدی خودای ڕەحمان گرتەکانی (اليوم الآخرة)ی نیشان دەدات، هەر لە سوڕەتی (العلق)ەوە پاشان (القلم) هێدی هێدی دێتە ناو مەسەلەکە، بەم جۆرە باسی فریشتەی تێدا نییە، باسی پەرتووکەکانی تێدا نییە، لە سوڕەتی (المدثر) نەرمە ئاماژەیەکی لۆ (رسل) هەیە، کە موسای پێغەمبەرە، چونکە لەگەڵ نەتەوەی خۆی زۆر وێکچوو بووە وەك لەگەڵ پێغەمبەرمان(عليه السلام و البركات)، لۆیە خودای ڕەحمان ئەو سوڕەتە دەدات، ئاگادارکردنەوەیەکە لۆ قوڕەیش نەك لۆ گرۆ (جمع)ی ئیمانداران، پاشان هێدی هێدی سیفەتی پەیامبەرایەتی ڕەسول لە ناخی (الذين آمنوا معه) دروست دەکات، بە هێدیی و بەم ڕیزبەندییە.

گوتمان ئەم قورئانە بەم جۆرەی لۆ سەر پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) نەهاتۆتە خوارەوە، بەڵکو خودای ڕەحمان ویستێکی جۆریی(نوعی) لۆ شێوازی دابەزاندن هەبووە، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش" ئایا تەنیا پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) ئەم قورئانەی بەم جۆرەی بەکارهێناوە و سوودی لێ وەرگرتووە؟ یاخود ئیدیکەشی لە گەڵدا هەبوون؟ لە وەڵامدا دەڵێین" بەڵێ، هاوەڵی تریش هەبووە،

هەر لە سورەتی (المزّمل) وانەی پێشتر خستمانە ڕوو کە (إقرأ)ی لۆ هاتە خوارەوە، (قُمِ اللَّيْلَ إِلَّا قَلِيلاً)(المزّمل٢) هاتە خوارەوە، (إقرأ)ی تێدا بکات، (نِصْفَهُ أَوِ انقُصْ مِنْهُ قَلِيلاً)(المزّمل٣) (أَوْ زِدْ عَلَيْهِ وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلاً)(المزّمل٤) لە کۆتایی سورەتەکە سەیر بکە خودای ڕەحمان ئاماژە لۆ (وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ) (إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ)، کۆتایی سورەتی (إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ) (تقوم للقراءة یامحمد) (وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ)دەکات(المزّمل٢٠) کەواتە" ئەم قورئانە تەنیا لۆ خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) نەبووە وەری بگرێت و هەڵیبمژێت و وەریبگێڕێتە سەر واقع بە ناوی کردەوە چاکەکان (أعمال صالح)ە، بەڵکو کۆمەڵێك لەگەڵی هەبوونە. وانەکانی پێشوو گوتمان لەم سورەتەی خودای ڕەحمان نەیفەرمووە: (الذین أمنوا معك) (وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ امنوا مَعَكَ)، لۆ؟ چونکە ئیمانیان نەگەیشتۆتە ئەو ئاستەی تاکو خودای ڕەحمان مۆری ئیمانیان لۆ لێبدات، دەفەرمووێت: (وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ إِنَّ رَبَّكَ يَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُومُ أَدْنَى مِن ثُلُثَيِ اللَّيْلِ وَنِصْفَهُ وَثُلُثَهُ وَطَائِفَةٌ مِّنَ الَّذِينَ مَعَكَ وَاللَّهُ يُقَدِّرُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ عَلِمَ أَن لَّن تُحْصُوهُ) هەتا کۆتایی سورەتەکە.

کەواتە" ئەگەر هاتوو ئەوە بەڵگە بێت لۆ شێوازی چۆنییەتی وەرگرتنی ئیمان لە لایەن پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) و گرۆی موسڵمانان کە هەڵسابنەوە شەو هەڵسابنەوە (قیام)یان کردبێت، بە هەمان ڕێگە قیرائەی قورئانیان کردبێت، کەواتە" ئەم کۆمەڵانەی لە دوای ئەوانیش دێن هەموویان پابەندن (ملزم)ن کە بە هەمان شێواز مامەڵە لەگەڵ قورئان دا بکەن، کەواتە" ئێمەش ناچارین بە چەند خاڵێك پابەند بین، ئەوانیش:

یەکەم: بە هەمان ڕێزبەندی (ترتیب) کار بکەین.

دووەم: بە هەمان ئەندازەگیری (الهندسیة)ی وشەی قورئانیی مامەڵ بکەین.

نموونەشمان لۆ ئەمە کە خودای ڕەحمان دەفەرمووێت: فڵان شت بکە ئەی ذات، بە ئیمان دەست پێ دەکات، هەموو قورئان بەم جۆرەیە، لەم قورئانە یەك ماددە نییە فەرمانی پێکرابێت، فەرمان پێکراو بێت لەلایەن خودای ڕەحمان داواکرابێت لە بەرامبەر کێ تا بیکات، هەڵبەتە بە ئیمان پێشخراوە، ئەمە ڕێسای ئەو قورئانەیە، لە سورەتی (البقره) دەست پێ بکە هەتا (قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ النَّاسِ)(الناس١)، هەمووی بەم شێوەیە، بە مرۆڤ یان بە موسڵمان نەگوتراوە (یا مسلم إفعل كذا)، یا موسڵمان نوێژ بکە، یا موسڵمان ڕۆژوو بگرە، یا موسڵمان ئەوها بکە، لە قورئان ئەوە نەگوتراوە تەنیا (یا أیها الذین آمنوا أفعلوا کذا، یاأیها الذین آمنوا لاتفعلوا کذا)، ئەوە ڕێسایە.

کەواتە" بنچینەی بابەتەکە ئیمانەکەیە نەك ئیسلام بوونەکە، کە ئیمانەکە بەم ڕێگەیە و ڕێزبەندییەی کە خودای ڕەحمان لۆ خودی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)ی دابەزاند و ئەویش وەریگرت و پێشکەشی هاوەڵانی کرد، هاوەڵانیش وەریانگرت، ئێمەش بەم جۆرەی وەرمان گرت، ئەوکاتە ئیمان دروست دەبێ، ئەوکاتە زەمینەی کردەوە یان (عملوا) دروست دەبێت و دێتەجێش.

(الذين آمنوا وعملوا) ئەگەر تێگەیشتن بەم جۆرەی لە نێوان مرۆڤ و ذاتی خودای ڕەحمان ڕۆژیی دوایی نەبێت صالیحات دروست نابێت، عملوا دەبێت، بەڵام صالیحات نییە، کەواتە" هەر کاتێك (آمنوا وعملوا) بە گوێرەی ئەو ڕیزبەندیی(ترتیب)ەی بوو صالیحات دێتە ئاراوە، (الذين آمنوا وعملوا الصالحات)، ئینجا (عملوا الصالحات) بە جۆرەها پێناسە خودای ڕەحمان لە قورئان پێناسەی دەکات، لۆ نمونە" (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ) ئەوە (عملوا الصالحات)ە، عملوا صالحاتەکەی لێ هەڵگرە (إِنَّ الَّذِينَ آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ)(الأنفال٧٢)(بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ) دابنێ هەمان پێناسە دەکات، کەواتە" لەسەرەتادا دەبێت آمنوا هەبێت (وعملوا الصالحات)ەکە دێ دەبێتە (هاجروا)، هەتا (آمنوا)ەکە نەبێ ستوونی و ئاسۆیی (هاجروا)ەکە نایەتە جێ، هەتا (آمنوا هاجروا) نەبێت (جاهدوا) نایەتە جێ، (آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ فِي سَبِيلِ اللّهِ) ئینجا ئەنجامەکەی دێتە جێ، لە ڕۆژی دوایی بەم جۆرەیە و لە دونیاش بەم جۆرەیە.

## موسڵمانبوون دۆخێکی ناجێگیرە، دەبێ خێرا بچیتە بازنەی ئیمان

ئەمە ئەندازەگیرییە (هندسية)ی قورئانە، لە سوڕەتی (البقرة)وە دەست پێ بکە هەتا سورة (النَّاسِ)، هەموو بەم جۆرەیە، هەتا (آمنوا) دروست نەبێت مرۆڤ داوالێکراو نییە، نە لە جێبەجێکردن و نە لۆ بەجێگەیاندن نە بە قەدەغەلێکردن، ئەگەر ئەم شێوازە بەم جۆرە بوو، قورئان جێگرەوەی دی نییە، ئەگەر من موجامەلە لەگەڵ خۆم نەکەم، لە قورئاندا (يا أيها المسلم إفعل كذا) نییە، وا بزانم ئەوەی قورئانی خوێندووە ئەم ڕاستییە دەزانێ؟ لەوانەیە لە ماوەی پێنج هەتا شەش مانگ خەتمێك لە قورئان دەکەین، ئایا تێبینی ئەوەتان کردووە (يا أيها المسلم إفعل كذا)ی تێدا بێت؟ لە قورئاندا وشەی موسلیم زۆر کەم هاتووە، کەواتە" داواکراوی ویستی خودای ڕەحمان بە تەنیا موسڵمانبوون نییە، موسڵمانبوون دۆخێکی ناجێگیرە، دەبێت مرۆڤ خێرا لۆ ئیمان پاز بدا و بەو ڕێگەیەی کە باس دەکرێت، بەم شێوازەی ئەگەرنا هەر بە موسڵمانێتی دەمێنێتەوە.

لۆیە لەوانەیە ئەو بەستەزمانەی بە بۆچوونی خۆی ڕۆژێك نێوانی لەگەڵ خودای ڕەحمان زۆرچاك بێت، ڕۆژێکی تریش زۆر خراپ، هەر لە کردار و پەرستشەکانی خۆی کە ئەبو بەکر پێوەرمانە نەك پێغەمبەر(عليه السلام و البركات)، ئەبو بەکر کەسێکی وەك ئێمە بەشەر بووە، ئیماندار بووە، ئەگەر کردەوە و پەرستشەکانمان لەگەڵ پەرستشی ئەبو بەکر بپێوین، ئەوکاتە لۆمان ئاشکرا دەبێت کە بە کردەیی کەموکوڕیی ئێمە بە هۆی نەبوونی ئیمانی نەوعی لە ناخمان لەگەڵ ئەبو بەکر چەندە جیاوازە، هەر لە نوێژ بگرە تاکو ڕۆژو، کە داوامان لێکراوە ئەنجامی بدەین.

وانەی ڕابردوو باسمان کرد ئەبو بەکریش نوێژی عەسری هەر چوار ڕەکعاتەکەی دەکرد، هەشت ڕەکعاتی نەکردووە! (٢٠) ڕەکعاتی نەکردووە، بەڵکو فەرزەکە چوار ڕەکعاتە، بەڵام ئایا ئەو نوێژەی ئەو دەیکرد وەکو نوێژی ئێمەیە؟ ئەو ڕۆژووەی مانگی ڕەمەزان دەیگرین، ئێمە ئەو (١٦)

کاتژمێرەی یان ئەو هەشت کاتژمێرە ئەویش هەر ئەوەندەی دەگرت، بەڵام ڕۆژووی ئەو جیاوازیی لەگەڵ رۆژی ئێمە زۆر بوو، هۆکارەکەی چییە؟ (آمنوا)ەکەی ئەو ڕەسەن بوو، (آمنوا)ەکەی ئێمە بەگوێرەی ویستی خودای ڕەحمان نییە، (آمنوا)ی ئەو ڕاستبوو، لۆیە (عملوا الصالحات)ەکەی هاتە جێ، بەڵام (آمنوا)ی ئێمە بەگوێرەی ویست و تێڕوانینی خۆمانە، بە گوێرەی (عملوا الصالحات)ان نییە، بەم جۆرەیە کە خۆتان دەیبینن.

ئەگەر بێینە خزمەت قورئان (إیمان بالله) بە چەمکی پەروەردگاریتی (الربوبیة) ئەو(إیمان بالله) خاڵی بنەڕەتیی ئیمانە، پاشان (إیمان بالیوم الآخر) خاڵی دووەمی بنەڕەتیی ئیمانە، ئەگەر لە سوڕەتی (العلق)ەوە دەست پێبکەین بزانین خودای ڕەحمان چۆن ئەو حاڵەتەمان لۆ ڕوون دەکاتەوە:

لە وانەی شەشەم گوتمان سوڕەتی (العلق) پێنج تەوەری هەیە، لە ئایەتی (١٥) لە سوڕەتی (العلق)، یەکەم سوڕەت کە دابەزیوەتە سەر پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) باسی ئەوە دەکات، گفتوگۆیەکی نەوعییە خودای ڕەحمان لەگەڵ پێغەمبەر دەیکات کە تیایدا نموونەی نیشان دەدات، بەڵام نموونەی نەوعی.

نموونەیەك" لەم نمونانە کە باسمان کرد، زیاتر تێڕوانینەکە لۆ شەیطانە نەك لۆ ئەبو لەهەب، چونکە خودای ڕەحمان ویستی بەم جۆرە نییە وەك خود لەگەڵ حاڵەتی ئەبو لەهەب بڕوات، ئەبو لەهەب کەسێك بوو ڕۆیشت، بەڵام ئەم قورئانە دەمێنێتەوە وەك کات و شوێن، دەبێ لەگەڵ هەموو کات و شوێنێك هاوهەنگاویی (مسایرة) بکات، کەواتە" ئەو سوڕەتە کە دێتە خوارەوە مەبەست تیایدا ئەبو لەهەب نییە، بەڵکو لەسەرووی ئەبو لەهەب لایەنێك هەیە و ئەو لایەنە پێی کاریگەرە و مامەڵەی لەگەڵ ئەبو لەهەب دەکات، ئەو لایەنە لۆ کۆمەڵێك کاروبار پاڵ بە ئەبو لەهەبەوە دەنێ، ئەگەر ئەبو لەهەبیش مرد و دەستی لەکار کێشایەوە و ڕۆیشت، توخمی لەم جۆرە ئەو لایەنەی جگە لەو کە ئەبو لەهەبی دروست کردووە، دەتوانێت نموونەی لەم جۆرانە دروست بکات، لۆیە ئاماژەکە زیاتر لۆ ئەو لایەنەیە نەك خودی ئەبو لەهەب، ئەوەیە کە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) مەسەلە بنچینەییەکە دەستنیشان دەکات.

بێ وێکچواندن یاری بووکەڵە، جۆرێك لە بووکە شووشە هەیە مرۆڤ دەستی دەخاتە ناویەوە و یاری پێوە دەکات و دەیجولێنێت، زیاتر لە تەلەفزیۆن ئیشی پێ دەکرێت، کە لە قوماش دروست دەکرێت، ئەبولەهەب و وەلید و کەڵەگایەکانی (طواغیین)ی گۆی زەوی هەمووی لەم جۆرە بووکەڵانەن، گەمەی دەستی شەیطانن، ناکرێت خودای ڕەحمان هەموو جارێك ناوی ئەم کۆمەڵانە لە سەردەم و شوێنی دیاریکراو بە لیست بێنێتە خوار، هۆ خەڵکینە ئاگاتان لەم کەسانە بێت، ئەم شتە ئاقاڵمەندانە نییە، بەڵکو خودای ڕەحمان دێت ئەو لایەنەی کە دێت ئەوانە دروست دەکات و پاشان ڕووبەڕوبوونەوەیان پێ لەگەڵ پێغەمبەر و پاشی پێغەمبەریش دەکات، نەوەکانی ئیمانداران یەك لەدوای یەك دێن خودای ڕەحمان ئەوانەیان لۆ دەستنیشان دەکات.

## خانەکانی درۆ

لۆیە بابەتەکە لەسەر ئەوان چڕ دەکرێتەوە، گرتەیەك لەوان ئایەتی (كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعاً بِالنَّاصِيَةِ)(العلق١٥)، باسی تەوێل (ناصية)مان کرد و گوتمان کۆمەڵێك خانەی مرۆڤ پێشەوەی تۆقی سەری مرۆڤ خانەکانی درۆ(کذب)ی تێدایە، خانەکانی درۆ، یەکەم گوناهیش کرابێت بەرامبەر ئادەم، درۆیە، کێ کردی؟ شەیطان (وَقَاسَمَهُمَا إِنِّي لَكُمَا لَمِنَ النَّاصِحِينَ)(الأعراف٢١)(هَلْ أَدُلُّكَ عَلَى شَجَرَةِ الْخُلْدِ وَمُلْكٍ لَّا يَبْلَى)(طه١٢٠) ئەوەی قورئانی خوێندبێت لە سوڕەتی (البقرة) و ئەم سوڕەتانە ئەوە تیایاندا ڕوون و ئاشکرایە.

یەکەم فێڵ لە بەشەر کرابێت لە ڕێگەی درۆ کراوە، ئەگەر هاتوو مرۆڤ لە ژینگە و نێوەندەکەی خۆی خۆی نەکێشایەوە، شانبەشانی ژینگەکەی خۆی هەنگاوی نا، خانەکانی درۆ لێرە چڕ دەبێتەوە و لە درۆکردن دەست بە ئیشی خۆی دەکات، کێ پێی دەکات؟ بێگومان شەیطانەکە، کەواتە" کاریگەریی ڕاستەوخۆی شەیطانە نەك مرۆڤەکە، لە بنچینەدا مرۆڤەکە بە فیطرە بە ئیسلام لە دایکبووە، پێغەمبەر دەفەرمووێت: (مَا مِنْ مَوْلُودٍ إِلاَّ يُولَدُ عَلَى الْفِطْرَةِ)(رواه بخاری).

لێرە قورئان ئاماژەی ئەوەمان لۆ دەکات کە چۆن پاڵپشتییەکانی شەیطان لە خودی خۆمان بپچڕێنین؟ وشەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خودی پێغەمبەرە، پاشان گرۆی ئیمانداران، ئەوە ئاماژەیەکە لە سەر ئەو بنچینەیەی کە ڕۆژێك هەیە ئەگەر هاتوو وێکچووی ئەوانە تەوبەیان نەکرد، (كَلَّا لَئِن لَّمْ يَنتَهِ لَنَسْفَعاً بِالنَّاصِيَةِ* نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ* فَلْيَدْعُ نَادِيَه* سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ)(العلق ١٥-١٨).

زەبانییە کۆمەڵە کەسانێکن، دروسکراوو دیاریکراون خودای ڕەحمان لە ڕۆژی دوایی ئیشی تایبەتی پێیانە، (سَنَدْعُ الزَّبَانِيَةَ)، کۆمەڵێکن (بەبێ وێکچوواندن) وەکو پۆلیس وان و ئیشی تایبەتی دەکەن، تەنیا ڕۆژی دوایی، بەڵام لۆ خودی پێغەمبەر(علیه السلام والبرکات)، لۆ گرۆی ئیمانداران لۆ ئەوەی ئێرە صاف ببێتەوە (مامۆستا لێرە دەست لەسەر نێوچەوانی دادەنێت)، لە خانەکانی درۆ، شەیطان جێدەستی نەمێنێت، (كَلَّا لَا تُطِعْهُ وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ)(العلق١٩) تەصفیە ببێ (وَاقْتَرِبْ)، کەواتە" پەیوەندی لەگەڵ خودی ئەو لایەنە دەپچڕێنێت.

لە وانەی حەوتەمیش باسی ئەوەمان کرد شەیطان حاشا لە وەحی خودای ڕەحمان ئەویش وەحی هەیە، تەنزیلی هەیە، لەسەر زەویش کەسانێکی هەیە، شەیطان وەحی و تەنزیلی هەیە، لەسەر زەویش وەکو فرۆکەخانەیەك بتوانێت لەگەڵ مرۆڤ مامەڵە بکات لە ئێمە ئەو جۆرە مرۆڤەشی هەیە، کەواتە" ئەم جۆرە مرۆڤانە لەگەڵ خودی پێغەمبەری لەوانەیە بەریەککەوتن (أحتكاك)یان هەبێ، لەوانەیە لەگەڵ گرۆی ئیماندارانیش بەریەککەوتنیان هەبێت، باشە دەبێت کرداری پێغەمبەر لێرەدا چی بێت؟ (لَا تُطِعْهُ)، چار چییە؟ (وَاسْجُدْ وَاقْتَرِبْ)، بەمە لە (الزبانية) ڕزگارت دەبێت، لە گرتنی (الناصية) ڕزگارت دەبێت، بەم جۆرە بڕۆ سوڕەتی (القلم)یش هەمان شتە.

هەر لە سەرەتا سورەتی (المزّمل) (يَا أَيُّهَا المزّمل)(المزمل١)، کۆمەڵێك ئايەت پاشان (وَاصْبِرْ)، ئەو پێغەمبەرە(علیه السلام والبرکات) لەناو نێوەندێکی دیاریکراودا دەژییێت، فریشتە نییە، لە کات و ساتی بەریەککەوتنە نەرێنییەکان کاریگەریی لەسەر ناخی دروست دەکات، نەك لەبەرئەوەی دژایەتی دەکەن، خودای ڕەحمان سوێند دەخوات لۆ پێغەمبەر و دەفەرموویێت: (فَإِنَّهُمْ لاَ يُكَذِّبُونَكَ وَلَكِنَّ الظَّالِمِينَ بِآيَاتِ اللّهِ يَجْحَدُونَ)(الأنعام ٣٣) خودای ڕەحمان پێغەمبەر دڵنیا دەکاتەوە، دڵی دەداتەوەو دەفەرموویێت: خەمی مەخۆ، خەفەت مەخۆ، ئەوان تۆ بە درۆزن دەرناهێننەوە، خودای ڕەحمان بەم مەزنایەتییە و باڵادەستییەی خۆی دڵی پێغەمبەری دەداتەوە، بە کردەییش وایە، ئەوان پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بە درۆ نازانن، بە سەدا سەد پاشی لە دایکبوونی دانیان بە ڕاستگۆیی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) ناوە.

زانیمان پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) پێشی نبووەت و ڕیسالەت ناوی (صادق الامین) بوو، تەنانەت پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بانك بوو، بانك! بانکی جاهیلییان بوو، نەك ڕاستگۆیی قسەکردنیی، بەڵکو ڕاستگۆیی ماددیش بوو، بە ڕۆژ دوژمنداریان دەکرد، بە شەویش پارەیان دەبردە لای، چونکە بڕوایان بە براو خزم و کەسی خۆیان نەبوو.

عەلی کوری ئەبو طالب لە کات و ساتی وەدەرنانی پێغەمبەر لە مەککە لۆ مەدینە لە جێگەکەی ئەو دادەنیشێت و دەخەوێت، کۆمەڵێك وەزیفەی هەیە، یەکێك لەم وەزیفانە بەجێگەیاندنەوەی ئەمانەتەکانە، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لیستێکی لۆ بەجێهێشت، ئەم ئەمانەتە و ئەم جۆرکە هی فلانە، ئەو هەگبەیە هی فلانە، بەم جۆرە دابەشی بکە، کەواتە" ڕاستگۆیی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە ناویان بەرجەستە بووە، بەریەککەوتنیان هەبوو لەگەڵ ڕاستگۆیی پێغەمبەر، لە لایان کارێکی بەڵگە نەویست بوو کە ئەو ڕاستگۆیە، ئەگەر لەگەڵ ئەوان ڕاستگۆ بێت ماددی و نموونەیی، ئەی چۆن بە دەمی خوداوە درۆ دەکات؟

## مافی خودای ڕەحمان لەسەر بەندەکانی چییە؟

کەواتە" ئەوان کە دێن مشت ومڕ (مجادلة) و بەریەککەوتنی نەرێنیانە لەگەڵ پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) دەکەن، پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لەناخیدا ئازار دەبینێت، ئازار دەچێژێت، چاری چییە؟ لێرە خودای ڕەحمان دەفەرموویێت: (وَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاهْجُرْهُمْ هَجْراً جَمِيلاً)(المزّمل١٠) هەر ئەوەندە چارەتە، هیچی ترت لە دەست نییە، ئیمانت لەو ئاستەیە، ئەوەش بەرپرسیارێتی تۆیە، بۆ ئەوەی دەمێنێتەوە چی بکات؟ خودای ڕەحمان چی دەفەرمویێت؟ (ذَرْنِي) منیان لۆ بە جێبهێلە، (وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ أُولِي النَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلاً)(المزّمل١١) کەواتە" خودای ڕەحمان دەرفەتێکی داناوە، پانتاییێکی لە کات داناوە، (وَمَهِّلْهُمْ) لە بۆ کات هاتووە، کەواتە" سەردەمێك دێت کەوا خودای ڕەحمان باوەش لۆ هەموو ئەمانە دەکاتەوە، خۆی دەزانێت چییان لێ دەکات، خۆی دەزانی لۆ کوێیان دەبات، (وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ)، ئەوەتا لە سورەتی (العلق) (نَاصِيَةٍ كَاذِبَةٍ خَاطِئَةٍ) لێرەش بنچینەی

گوناهەکە درۆیە (کذب)، نەك مرۆڤ درۆ لەگەڵ کەسانی دی دەکات، بەڵکو مرۆڤ درۆ لەگەڵ خودی خۆی دەکات، خانەکانی درۆی لە نێوچەوانێتی و درۆیەکەش لەگەڵ خۆیەتی، لۆ نموونە" ئێمە وابووە خۆمان هەوڵی لە خشتە بردنی خۆمان داو خۆمان هەڵخەڵەتاندووە، ئەوە سروشتێکی بەشەرییە.

لۆ نمونە" خەوم نەهاتووە، گوتومە با کەمێك درێژ بم خەوم دێت، ئەگەرچی خەوم نایەت، لەوانەیە چەند کاتژمێرێك لەژێر بەتانی پاڵ کەوتبم، ئەوە مرۆڤ خۆی لەگەڵ خۆی درۆ دەکات، پاشان گوناهـ کردن، ئایا دەزانن مرۆڤ خۆی لەگەڵ خۆی درۆی دەکات! وەك ئەوە وابێت خودای ڕەحمان نایبینێت، وەك ئەوەی لێی بێ ئاگا بووبێت! واتە" خۆی لێی بێ ئاگا دەکات، ئەوە بنچینەی درۆیە، بنچینەی لە ڕێ لادانەکەیە، نەك درۆیەکە لەگەڵ پێغەمبەرەکەی دەکرێت، لەگەڵ ئایەتەکانی خودای ڕەحمان دەکرێت، ئەوەیان قوناغەکانی دواترە، کاتێك مرۆڤ لە نێوان خۆی و خۆی درۆی کرد، ئەوا ئاسانە کە لە نێوان خۆی و خودای ڕەحمان درۆی بکات، ئەوکاتیش ئاسانترە لە نێوان خۆی و نێوان ئایەتەکانی خودای ڕەحمان درۆ بکات، پاشان درۆکردن لە نێوان خۆیی و ڕەسولی خودای ڕەحمان ئاسانتریش دەبێت، ئەوە ڕێزبەندییەکەیە، (أُولِي النَّعْمَةِ) باسی نەعمەت دەکا، گوتمان وشەی نەعمە لەگەڵ نیعمە جیاوازی هەیە.

ئەوە سوڕەتی (المزّمل)ە چەند بەشێکم لۆ باسکردن، سەرنج بدەنە سوڕەتی (المدثر) هەمان شتە، تەنیاو تەنیا خودای ڕەحمان زیاتر ڕوونی دەکاتەوە، ئەوەیە مەبەستم لە شێوازی ڕیزبەندیی (ترتیب)ی قورئان خوێندن، ئەگەر قورئان بەم ڕیزبەندییەی بخوێندرێت خودای ڕەحمان وشەیەك دادەنێت، وەکو ناوکێك لە ژێر زەوی، پاشان هێدی هێدی ئەم ناوکە گەورە دەبێت، گەشە دەکات، ئێمەش بەم جۆرە لە قورئان تێدەگەین.

سوڕەتی (المزّمل) چەند گرتەیەك دەدات، سوڕەتی (المدثر) لە دوای سوڕەتی (المزّمل) هاتۆتە خوارەوە ڕاڤەی سوڕەتی (المزّمل) دەکات، لێرەدا دەفەرمووێت: (وَاصْبِرْ عَلَى مَا يَقُولُونَ وَاهْجُرْهُمْ هَجْراً جَمِيلاً)، لە سوڕەتی المدثر (أُولِي النَّعْمَةِ) چۆن پێناسە دەکات؟ (ذَرْنِي)، لێرە و لەوێش چۆن فەرموویەتی: (وَذَرْنِي)، لێرەش دەفەرموێ: (ذَرْنِي)(المدثر١١)، (ذَرْنِي وَمَنْ خَلَقْتُ وَحِيداً)(المدثر١١) (أُولِي النَّعْمَةِ) چۆن ڕاڤە دەکات؟ (وَجَعَلْتُ لَهُ مَالاً مَّمْدُوداً)(المدثر١٢) (مَالاً مَّمْدُوداً وَبَنِينَ شُهُوداً وَمَهَّدتُّ لَهُ تَمْهِيداً)(المدثر١٤) (ثُمَّ يَطْمَعُ أَنْ أَزِيدَ)(المدثر١٥) (كَلَّا إِنَّهُ كَانَ لِآيَاتِنَا عَنِيداً)(المدثر١٦) ئەوە مانای چییە؟ لێرە خودای ڕەحمان فەرموویتی: (وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ أُولِي النَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلاً)(المزّمل١١)، ئەو ئایەتە ئەوەیە ڕاڤەی دەکات، ئەوەیە قورئان.

لۆیە (الرَّحْمَنُ* عَلَّمَ الْقُرْآنَ* خَلَقَ الْإِنسَانَ* عَلَّمَهُ الْبَيَانَ)(الرحمن١-٤) بیان لە خودی قورئان خۆیەتی، تەنیا قورئانەکە بەم ڕیزبەندییە وەربگرە و بیخوێنەوە خۆی خۆی ئاشکرا دەکات، خۆی خۆی دەداتە دەست، ئەگەر بێتو نەتەوەیەك (أمة)تێك (أبن کثیر)یان نەبایا، ئومەتێك (سەید قوطب)یان نەبایا، ئایا نابێت لە قورئان تێبگەن؟ ئەوە وەزیفەی خودایە کاری خودایە، مافی خودایە

کە تێمان بگەیەنێت (الرَّحْمَنُ عَلَّمَ الْقُرْآنَ، خَلَقَ الْإِنسَانَ، عَلَّمَهُ الْبَيَانَ)، لە ناو ناخمان ئەو قورئانە تەعلیم کراوە.

ئەوەتا لە وانەی دوو و سێ باسی فیطرەمان کردووە، ئەو فیطرەیە لە ناخی مرۆڤ هاویەك (مطابق)ی قورئان هاتووە، لۆیە مرۆڤەکە قورئانی لێ داواکراوە، قورئان جێبەجێ بکات، ئەگەر چەمکەکانی ئەو قورئانەی لە بنچینەدا لە ناخی دروست نەکرابێت ناتوانێ جێبەجێی بکات، ئەگەر لە توانایدا نەبێت دە کیلۆ هەڵبگرێ ئایا دەبێ تۆ پێی بڵێی (١٠٠) کیلۆی هەڵبگرە؟ لۆیە هەر هەموو قورئان لە مرۆڤەکە داواکراوە، لۆ؟ چونکە قورئانەکە لە ئاستی ئەو مرۆڤە هاتووە، نەك لە سەرووی مرۆڤەکەوە، بە چەمکی فیطرە، (فِطْرَةَ اللَّهِ الَّتِي فَطَرَ النَّاسَ عَلَيْهَا لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ اللَّهِ ذَلِكَ الدِّينُ الْقَيِّمُ)(الروم٣٠) خلق، فیطرە، دین، دینیش قەیم.

ئەوە باشە (وَذَرْنِي وَالْمُكَذِّبِينَ أُولِي النَّعْمَةِ وَمَهِّلْهُمْ قَلِيلاً)(المزمل١١) چییە؟ نەتیجەی (إِنَّ لَدَيْنَا أَنكَالاً وَجَحِيماً)(المزمل١٢)، ئەوە هەمووی وشەی تازەن پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) گێی لێ دەبێت، (أَنكَالاً) ڕادەوەستی، (وَجَحِيماً) ڕادەوەستی، (وَطَعَاماً ذَا غُصَّةٍ) پاشان (وَعَذَاباً أَلِيماً)(المزمل١٣)، هەمووی هێدی هێدی خودای ڕەحمان ئەم حاڵەتە لە ناخی مرۆڤ دروست دەکات، پاشان (يَوْمَ تَرْجُفُ الْأَرْضُ وَالْجِبَالُ)، کەواتە" لەرزین (رجفان)ی زەوی هەیە، لە سوڕەتی (الطور) ئەوەی ڕاڤە دەکات (وَتَسِيرُ الْجِبَالُ سَيْراً)(الطور١٠)، لە دوای ڕەجفەی ئینجا هێدی هێدی دروست دەبێت.

## شێوازەکانی قیرائە کردنی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)

ئەگەر بمانەوێت لە (يوم الآخرة) بگەین، هەڵبەتە دەبێ دیسان لە ڕێگەی ڕیزبەندی دابەزین (ترتيب النزول)ی قورئانەوە تێی بگەین، یەکەمجار زەوی چی لێ دێت؟ مانگ چی لێ دێت؟ لۆ نمونە" باسی خۆر(الشمس) دەکات گرتەی دوای ئەو سوڕەتی (التكوير)ە، سوڕەتی تەکویر پاشی (المدثر) هاتۆتە خوار، پاشان سوڕەتی (ألأعلى)، ئەم سوڕەتە باسی خودای ڕەحمان دەکات.

بەهەشت و جەهەننەم، لە سوڕەتی (التكوير) باسی جەهەننەم دەکات، چۆن؟ یەکەمجار بە ڕۆژ دەست پێ دەکات، پاشان بە ئەستێرە، (إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ)(التكوير١) (وَإِذَا النُّجُومُ انكَدَرَتْ)(التكوير٢) ئەوە گرتەیەکە (تصوير)ێکە، (يَوْمَ تَرْجُفُ الْأَرْضُ وَالْجِبَالُ) گرتەیەك لە بابەت دادەبڕێنێت، بلاجیکتۆرو مایکرۆسکۆبی دەخاتە سەر، کامە گرتەیە؟ ئەو ماوەیە کە شمس تەکویر دەبێت، لە نێو ئەستێرەکانیشدا، لە خولگەی خۆی دەرچوون دروست دەبێت.

بەم جۆرەی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) لە ناخی خۆی قیرائەی ئەو دۆخانەی دەکرد، ئیمانی بە خودی خودای ڕەحمان دروست بوو وەك (رب)ێك، پاشان ئیمانی بە (اليوم الآخر)یش دروست دەبی، کە بە کردەیی ڕۆژی قیامەت بەم جۆرەی قیام دەکرێت، لۆیە پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات)

هەموو كاتێك هەر وەك ئەوەی لە (اليوم الآخر) دەژی، هاوەڵەكانیشی بەم جۆرە بینا كرد، هەموو كاتێك هەستیان دەكرد كە بەكردەیی ئەو ساتە لەوانەیە بمرن، كە مردیشن كەواتە" كاتژمێری ئەوانیش دەستی پێكرد، (قيام الساعة) وەك ئەوەی (يَوْمَ تَرْجُفُ الْأَرْضُ وَالْجِبَالُ)، وەك ئەوەی كاریگەریی جبال و وەك ئەوەی (أنكال و جحيم و طعام و غوصصة و عذاب و ئەليم) هەموو لەپێش چاویەتی، ئەمە شێوازی ئیمان هێنانە (باليوم الآخر).

پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) بەم جۆرە قیرائەی ئەمەی دەكرد، لۆیە سەیر بكەن هەر لە سورەتی (المزمل)ەوە هەر لە (المدثر)ەوە، هەر لە سورەتی (الأعلى)، هەر لە سورەتی (التكوير)وە، هەر لە سورەتی (الفجر و الليل و الضحى) ئەوانە هەمووی خودای رەحمان ئەو گرتانەی بەم روون و ئاشكراییەوە بەم بەرجەستەییەوە لۆ خودی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) وێنە دەگرێت.

پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) تەنیا قیرائەی مەخلوقات دەكات؟ ئێمە گوتمان قیرائەی مەخلوقات دەكات، قیرائەی خۆر دەكات، قیرائەی مانگ، شەو، رۆژ، ئەستێرەكان دەكات، باشە ئایا هەر ئەوەندە گرتەیەی لێ وەردەگرێت؟ نەخێر، بەڵكو دەبێ ئاڵوگۆرە كۆتاییەكەیشی بێنێتە پیش چاوی خۆی، ئەم خۆرە ئاوا لە رۆژهەڵاتەوە هەڵدێت لە رۆژئاواوە ئاوا دەبێت، خالیق، پەروەردگار(رب) ئاوای لێ دەكات، ئەوەندە وزەیەی بدات، (٣٨) كیلۆگرام لە ماددەی خۆی بگۆرێت بە وزە، ئەم هەموو گەرماییە، ئەم هەموو رووناكییە دەداتە ئێمە، ئایا ئیشی هەر ئەوەندەیە؟ دەرەنجامی چییە؟ دەفەرموویت: (إِذَا الشَّمْسُ كُوِّرَتْ)(التكوير ١)، پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) ئەمانەی هەموو قیرائە كرد.

## رۆكنی سەرەكی ئیمان كامەیە؟

كەواتە" دۆخی پەروەردگاریتی(الربوبية)ی خودای رەحمان لە ناخیان دروست بوو، لە هەمان كات ئیمان هێنان بە رۆژیی دوایی لە ناخیان دروست دەبێت، بەم رێگەی قیرائەیە، ئەو كاتی بە كردەیی كابرای هاوەڵ لە رۆژیی دوایی دەژییت، لە كاتێكدا هێشتا نەمردووە، لۆیە نموونەی وەكو (عبدالرحمن كوری عەوف، موصعەب بن عومیر، زوبیر كوری عەوام، عومەر بن خەطاب) ئەوانە دروست دەبن، پاش وەفاتی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) بە چەندەها ساڵ ئینجا دەمرن، خودای رەحمان پێشی مردنیشیان لەكات و ساتی مانی پێغەمبەر(عليه السلام و البركات) ئینجا لێیان رازییە، باشە چۆن دەبێ پاش وەفاتی پێغەمبەری(عليه السلام و البركات) عصیانێك و فجورێك و فسوقێك فاحیشەیەك پەنا بە خودای رەحمان هیچیان لێ نەبینراوە، خودای رەحمان فیلمی ژیانی ئەوانەی هەموو لەبەر چاوی هەبووە، مێژووی ژیانیان، (ئیمان بالله) و (باليوم الآخر) بەم جۆرەی دروست بوو، جا چۆن ئەوانە گوناهـ دەكەن؟ یان چۆن عصیان دەكەن؟ چۆن فسق و فجور بكەن؟ نەخێر لێیان دروست نابێت.

لۆیە ئەو حاڵەتەی ئیمامی عوسمان، ئیمامی عومەر، هەر ئیمامی عومەر پاش وەفاتی پێغەمبەر(علیه السلام و البرکات) بە سیانزە ساڵ فەرمانڕەوایی گرتە دەست، خەلافەتی گرتە دەست، هەر لە دە مژدە پێدراوان نەبوو، خودای ڕەحمان فەرمانی پێداوە لێی خۆش بێت، ئایا دەبێ خودای ڕەحمان لە بەڵێنی خۆی پەشیمان بێتەوە؟ نەخێر، (وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ اللهِ قِيلاً)(النساء١٢٢)،(وَمَنْ أَوْفَى بِعَهْدِهِ مِنَ اللهِ)(التوبة١١١) فەرمانە، ئینجا بەڵێنی داوە بە ئیمامی عومەر لێیخۆش بێت، باشە ئەگەر ئیمامی عومەر گوناهـ بکات لێی خۆش دەبێ؟ نەزەرێك بکات لێی خۆش دەبێت، ناپاکییەك بکات لێی خۆش دەبێت؟ لە پاشەملە باسی یەکێك بکات لێی خۆش دەبێ؟ (حاشا و لله)، چونکە خودای ڕەحمان یاسای خۆی ناشکێنێ.

تەنیا ئەو گریمانەیە دەمێنێت، مادام خودای ڕەحمان بەڵێنی داوە بەرامبەر بەڵێنەکەی خۆی بە وەفا دەبێت، خودای ڕەحمان ڕاستگۆیە، یاساکانی خوداش لاستیك نییە تا مرونەتی هەبیت، کێشە نییە، تا چاوی لێ بپۆشی، کەواتە" دەبێت بێینە سەر خودی ئیمامی عومەر، دەبێ بڵێین ناخی ئیمامی عومەر ناخی ئیمانی بەم جۆرەی دروست کراوە، بە کردەیی ئەو حاڵەتەی لێ نابینرێت، کامەیان؟ فسق و فجور و عصیان و... تد، لۆ زانین ناڵێین مەعصوم بوون، چونکە ئاستی ذنب هەر دەمێنێت، خودای ڕەحمان بە رسول الله دەفەرمووێت: (إِنَّا فَتَحْنَا لَكَ فَتْحاً مُّبِيناً* لِيَغْفِرَ لَكَ اللَّهُ مَا تَقَدَّمَ مِن ذَنبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ وَيُتِمَّ نِعْمَتَهُ عَلَيْكَ وَيَهْدِيَكَ صِرَاطاً مُّسْتَقِيماً)(الفتح٢-٣) ذەنب دەمینێ، کەواتە" (إيمان بالله واليوم الآخر) بەندی سەرەکی ئیمان هێنانە بە خودی (خودای ڕەحمان)' بەندی سەرەکی ئیمان هێنان و پەیوەندی دروست کردنە لەگەڵ ئەم ئایینە، پاشان (و الإيمان بالملائكة)، (الإيمان بالرسول) شوێنکەوتەیەتی.

نزا دەکەم و هیواخوازم لە باری تەعالا هۆکارەکان و ئامرازەکانی ئەو جۆرە ئیمانە لە ناخمان دروست بکات، خۆی تەڕشیدو تەصوییمان بکا، خۆی هیدایەتمان کامل بکا، تەقوامان زیاد بکا، ئەگەر وەکو ئەبو بەکریشمان لێ نایەت کەمێك لەوی کەمتر بین.